# كاديما دەبێت لەماوەی شەش هەفتەی داهاتوو حوکومەت پێکبهێنێت



فەرەیدون حەمەڕەشید سویسرا

faraidun_73@hotmail.com

لەهەڵبژاردنەکانی28ی مارس لەئیسرائیل 30پارت وڕێکخراوی سیاسی لەململانێکاندا بەشدابوون لەسەدا62% ی خەڵکی ئیسرائیل ـڕوویان لەسندوقەکانی دەنگدان کرد کەلەمێژووی ئیسرائیل کەمترین ڕێژەی بەشداربوانی پەرۆشی خەڵکەبۆهەڵبژاردن بەبەراورد لەگەڵ گەرموگوڕی هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو لەو وولاّتەدا،بەلاّم بۆدامەزراندنی حوکومەتی نویّ پیّویست بە بەدەستهیّنانی متمانەی 61 کورسی لەکۆی 121 کورسی ناو کنیست _پەرلەمانی ئیسرائیل دەکات،بۆیە هیچ کام لەپارتەکانی گۆڕەپانی سیاسی ناتوانن بەتەنها کابینەی نۆێی دەوڵەت دابمەزرێنن، هەرلەبەرئەوە موشی کاتساف سەرۆك کۆماری ئیسرائیل ئەیهودئۆڵمەردی سەرۆکی (پارتی کادیما)ی ڕاسپارد تالەماوەی شەش هەفتەی داهاتوودا کابینەی ئیهتلافی نویّ دابمەزرێنیّت،پارتی کادیما وەك ناوی ڕێکخراوەیی و بەرنامەی کاروتاکتیکی سیاسی مێژوویەکی زۆرکوورتی هەیە،لەلای چاودێرانی سیاسی بە بەراوورد لە نێوان پارتی کاری چەپڕەو وپارتی لیکۆدی ڕاستڕەودا بەپارتێکی میانەڕەوو تەماشادەکریّت،،کادیما سەرکە و تووی پێشەوەی ناوململانێکانە بە بە دەستهێنانی 28 کورسی ،بەلاّم بۆدامەزراندنی کابینەی نویّ پێویستی بەچوونەناوهاوپەیمانیەتیەکی سەرەکییە لەگەڵ پارتی کار کەدووەم پارتی سەرکەوتووی ناوهەڵبژاردنەکانە و20کورسی بۆخۆی بەدەستهێناوە، تالەهاوپەیمانیەتیەکی سەرەکییەوە بتوانێت لەگەڵ پارت وڕێکخراوەکانی دی بەمسۆگەرکردنی 61 کورسی کابینەی هاوبەش ونویّ پێکبهێنێت،بەپێی بەرنامەی کاری ئەیهودئۆڵمەرد و پارتەکەی کەلەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا بانگەشەی بۆدەکردو ئێستاش کردوویەتیە دەستپێکی کارنامەی کارەکانی ئەوحوکومەتە نوێیەی بڕیارە لەماوەی شەش هەفتەی داهاتوو دابمەزریّت،پشتگیری کردنە لەبەردەوامی پرۆسەی ئاشتی نێوان فەلەستین_ئیسرائیل وپیادەکردنی سیاسەتی زەوی لەبەرامبەرئاشتی و هەنگاونانی یەکلایەنە بۆجێخستن ودیاریکردنی سنووری هەمیشەیی لەنێوان ئیسرائیل وفەلەستین تاساڵی 2010،مەبەست لە دیاریکردنی سنووری هەمیشەیی نێوان هەردوولا تەواوکردن وبەڕەسمی ناسینی ئەودیوارە پەرژینەیە کەئیسرائیل لەسنوور بەندیەکانی نێوان خۆی و دەسەلاّتی فەلەستینیەکان دروستی کردووە،گەرچی

نەتەوەیەگرتوەکان لەسەر کاریگە ر یە کانی درووستکردن ودرێژەپێدان بەو دیوارەسنووربەندییە لەسەرژیانی فەلەستینیەکان نیگەرانە، هەرلەسەر کارکردنی بەرنامەی ئایندەی حوکومەتی نوێی ئیسرائیل بۆبەڕەسمیەتدان وبەکۆتاگەیاندنی ئەودیوارە سنوورییەلەسێ ساڵی ئاینده کاردانەوەی حوکومەتی نوێی فەلەستین لەسەر زاری ئیسماعیل هەنیەی سەرۆك وەزیران ومەحموودعەباسی سەرۆکی حوکومەت بەتووندی بەررەخنەو نارەزایی بووەتەوە، ئەمریکاوڕژئاوا هەرچی زیاترئومێدی ئەوەدەکەن ئیسرائیلیەکان لەبەرامبەرپێدانی زیاتری زەووی بۆفەلەستینیەکان تەکانێك بەپرۆسەی ئاشتی نێوان هەردوولابدەن، بەڵام بەپێی چاودێرانی سیاسی قسەکانی سەرۆکی پارتی کادیما بەوەی یەکلایەنەکاری بەرنامەی حوکومەتەکەی چەسپاندن وبەڕەسمیکردنی سنووری هەمیشەیی ئیسرائیل بێت واتەهاتنەدەرەی ئیسرائیل لەپرۆسەی گفتووگۆکان وتاکڕەهەندی بردنەپێشەوەی کارەکان،لەکاتێکدا پرۆسەی ئاشتی وگفتووگۆ پێویستی بەڕۆڵگێڕانی هەردوولایەنی ناوململانێکان هەیە، لەهەمان کاتدا لایەنی بەرامبەر بە ئیسرائیلەکان لەفەلەستین دا ڕێکخراوی حەماسی توندڕەووی ئیسلامی لەدەسەڵاتدایە کەتاهەنووکە لەستراتیژوکاری سیاسی خۆی هیچ نەرمی وهەنگاوێکی بۆژیانی یەکترقبوڵکردن بەخاتری بردنەپێشەوەو چارەسەرکردنی قەیرانی سیاسی لەناوچەکەدانەبردۆتە پێشەوە،بەڵام کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەرەڕای فشارەکانیان بۆسەرڕێکخراوی حەماس داواکاریان لەئەیهودئۆڵمەردی سەرۆکی پارتی کادیما ئەوەیەهەنگاوی پۆزەتیڤانە بەرەو ڕووڕۆشتنی چەسپاندنی ئاشتی بنێت نەك بەپێچەوانەوە



## ئەیهودئۆڵمەرد

ئەیهودئۆڵمەرد لەساڵی 1945 سێ ساڵ پێش دروستبوونی دەوڵەتی فەلەستین لەخێزانێکی چالاك لەبواری.سیاسی هاتۆ تەدونیاوە ،باوکی یەکێك بووەلەدەستەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی زایۆنیزمی ئێرگۆن لەناوەڕاستی 1970 کاتێك پارێزەرێکی لاوبوو بووەئەندامی پەرلەمانی ئیسرائیل لەلیستی پارتی لیکۆد ساڵی 1993 پۆستی شارەوانی ئۆرشەلیمی گرتەدەست ،لەهەڵمەتی ئاوەدانی و پرۆژەکانی بیناسازی بۆیەهوودیەکان دەووروچالاکی بەرچاووی بووە

ئەیهودئۆڵمەرد لەمێژووی کاری سیاسی دا بەرێکەوتنی ساڵ 1978 کامپ دێڤید ی تاییەت بە پیوەندیەکانی نێوان میسر و ئیسرائیل و ڕێکەوتنی ساڵی 1993 ی ئۆسلۆی نێوان فەلەستین_ئیسرائیل نارازی ونیگەران بوو.بەڵام بەپێی کات و واقیعی حاڵ ئۆڵمەرد گۆشەنیگای سیاسی گۆڕدراولەباڵی ڕاستڕەوی ئیسرائیل کەنارگیری کردتائەوەی پشتیوانێکی بەرچا وی لەتەرحی کشانەوەلەغەزەوکەناری ڕۆژئاواکرد.

## كاديما

دواى ئەوەى ناكۆكيەكانى ناو پارتى ليكۆرد لەگەڵ ئاريل شارون پەرەى سەند پارتى كاديما لەنۆڤەمبەرى 2005 بە بەسەرپەرشتى ولەلايەن ئاريل شارون دامەزرا،هەوڵەكانى كاديما بۆخۆبەناوەندكردنێكە بۆكۆكردنەوەى ميانەڕەوەكانى پارتى ليكۆد و پارتى كار بەرنامەوكارى كاديما پاشەكشەكردنێكى بەرژەوەنديخوازانە نەوەك ڕاستگۆيانە لەناوچەداگيركراوەكانى فەلەستين پيادەكردنى ئابوورى وبازاڕى ئازاد و ژيانێكى خۆشگوزەران هەوڵدان بۆڕيفۆرمى سيستەمى پەرلەمانى كەسانى پێشووى ناوەندى پارتى ليكۆدو كەسايەتيەنزيك ودڵسۆزەكانى شارون دەستەى سەركردايەتى كاديما پێكدێنن ئەيهودئۆڵمەرد سەرۆك وەزيرى ڕاسپێردراو،شائۆل مەفاز وەزيرى بەرگرى، لێۆنى وەزيرى داد كەسەناسراوديارەكانى ناوپارتى كاديمان